## حەشدی شەعبی و

## تێڵابەدەستانی وەرەزیل!

1. حەشدی شەعبی ئەو هێزە میلیشیاییەیە کە دەسەڵاتداریەتی شیعە لە عیراق بە یارمەتی ڕاستەوخۆی ئێران پێکی هێناوە و لە ڕاستیدا نموونەی دەقاودەقی 'بەسیج' ی ئێرانە لەعیراق.

2. 'چوب بدستهای ورزیل' یان 'تێڵابەدەستانی [گوندی] وەرەزیل' ئەو شانۆنامەیەیە کە غوڵام حوسەین ساعیدی (١٩٨٥ – ١٩٣٦) بە زمانی فارسی نووسیویەتی و یەکەم جار لە ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی (١٩٦٥ ز) دا چاپ کراوە، ئینجا بە ماوەیەکی کەم دوای ئەو، لە تاران چۆتە سەر شانۆی 'تئاتر شهر'.[1]

واهەیە بپرسرێت ئەم دوو دیاردە سەیر و سەمەرەیە چ پەیوەندێکیان بە یەکەوە هەیە و کوجا مەرحەبا! بەڵام لە ڕاستیدا وێچوونییەکی گەلێک زۆر لە نێوان خەیاڵی هونەرمەندانەی ساعیدی و ئەو ڕووداوانەدا هەیە وا ئێستا ٥٠ ساڵ دوای چاپی کتێبەکە، لە ناوچە و بەتایبەت لە عیراق و باشووری کوردستان ڕادەبرێن.

دوو سێ هەفتە پێش ئێستا ڕێکخراوەی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ (هیومەن ڕایتس واچ) لە ڕاپۆرتێکدا باسی ئەو وێرانییانەی کردبوو کە لە سەر دەستی میلیشیای شیعە دوای ئازادکرانی شاروچکەی ئامرلی هاتوونەتە ئاراوە.[2] بەرپرسێکی باڵای ئەمریکی و چەند پسپۆڕی دیکەی شارەزای سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئاماژەیان بە "مەترسیی حەشدی شەعبی بۆ پێکهاتەکانی عیراق" کردبوو. کاک عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانیش لە دیمانەی ڕۆژی ٢٠١٥/٣/١٠ لە گەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنەدا، گوتبووی "حەشدی شەعبی بە ڕادەی داعش جێی مەترسییە"[3]

هەندێک ئەدیب و نووسەری بلیمەت هەن کە دەتوانن یاسایەکی گشتی لە ڕووداوە بچووکەکان دەربکێشن و پێش بینیی هەندێک پێشهات و ڕووداوی داهاتوو بکەن. کەسێک کە شانۆنامەی فارسیی "چوب بدستهای ورزیل" نووسینی غوڵام حوسەین ساعیدی (گوهر مراد)ی[4] خوێندبێتەوە، هاوشێوەییەکی زۆر لە نێوان چارەنووسی خەڵکی گوندی وەرەزیل لە شانۆنامەی ساعیدی و هێنانە کەرکووکی سوپای بەدر و حەشدی شەعبیدا دەبینێت!

لەم نووسینەدا، من بارودۆخی ئێستای عیراقم لە ئاوێنەی شانۆنامەکەی ساعیدیدا بینیوە، بەڵام با سەرەتا کەسەکانی شانۆنامەکە بناسین:

---

[1]. من کتێبەکەم سێ جار خوێندۆتەوە و شانۆگەرییەکەشیم هەر ئەودەم لە تاران بینیوە.

[2]. http://features.hrw.org/features/HRW_2015_reports/Iraq_Amerli/index.html

[3]. ئاوێنە نیوز، لە ٢٠١٥/٣/١٢ دا بینراوە. بڕوانە:http://www.awene.com/article/2015/03/10/39534

[4]. گوهر مراد، "چوب بدستهای ورزیل"- نمایشنامه، چاپ دوم، انتشارات مروارید، تهران ١٣٥٠ (چاپ اول ١٣٤٤).

کتێبی ساعیدی باس لە خەڵکی گوندی خەیاڵیی 'وەرەزیل' دەکات کە دەکرێت نموونەکەی لە ئێران یان هەر وڵاتێکی هاوچەشنی ناوچەکەدا بێت. ساڵێکیان، کە ئەویش دەکرێ ئەمڕۆ بێت یان دوێنێ، یان سبەینێ، ڕەوەبەرازێک بە مەزرای گوندی وەرەزیلدا وەردەبن، زەوییە کشتوکاڵییەکان هەڵدەگێڕنەوە و بەروبووی دەخۆن و خەڵکەکەی ماڵ وێران و کەلاوەنشین دەکەن. لەو کارەساتەدا سەرنج ڕاکێش ئەوەیە مەزرای هەرکەسێک دەکەوێتە بەر هێرشی بەراز، خەڵکەکەی دیکە گاڵتەی پێدەکەن و شوکربژێرن کە مەزرای ئەوان نەبووە وای لێ بەسەر هاتبێت! بەڵام هەر ئەوەندەی شەوێک دواتر مەزرای خۆشیان کەوتە بەر هێرشی بەرازان، لای ماڵ وێرانەکانی پێشوو دادەنیشن و تەنیا ئەو دەم بە دەردی خۆیان دەزانن!

بۆچارەسەری کێشەی بەراز، چەندکەس لە خەڵکی گوند پەنا دەبەنە بەر بنکەی ژاندرمە، کە سیمبولی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندییە لە وڵاتی خۆیاندا. لەوێ گوێیان نادەنێ و هیچیان بۆناکەن و تەنیا دەیاننێرنە لای 'موسیۆ'، کە مەسیحییەکی گۆشت بەراز خۆرە و سیمبولی حکوومەتە ڕۆژئاواییەکان یان هێزە چەوسێنەر و ئیستیعمارییەکانە. بەشێکی زۆر لە خەڵکی گوند لەگەڵ ئەوەدا نین کە موسیۆ یارمەتییان بدات بەڵام ناچار لەژێر گوشاری خەڵکەکەی دیکەدا تەسلیم دەبن و هیچ ناڵێن. ئەو خەڵکە دابەش بووە لە بارودۆخی ئێستادا دەکرێ سیمبۆلی ئەندامانی حزبە سیاسییەکان بن کە هەرکام ڕوانین و بەرنامە و ئاجێندای خۆیان هەیە و دژ بە حزبەکانی دیکەن، تەنانەت هەندێکیان پشت بە بێگانە دەبەستن بەڵام لەگەڵ هاووڵاتییە خۆییەکاندا یەک ناگرن!

خەڵک داوا لە موسیۆ دەکەن چارەسەری مەسەلەکەیان بۆ بکات. موسیۆ بیرێک دەکاتەوە و دەڵێ دوو ڕاوچی تفەنگ بەدەستتان بۆ دەنێرم بێن و هەرچی بەرازە بکووژن، منیش بەرازەکان دەبەم بۆخۆم و دەیانفرۆشم؛ بەڵام دەبێ شوێنی ئیستیراحەت و خواردنی سێ ژەمەی ئەو ڕاوچییانە خۆتان دابینی بکەن و چاکتان ئاگا لێیان بێت. ڕاوچی تفەنگ بەدەستیش دیارە دەبێ هێزی سوپایی وڵاتانی ڕۆژئاوا یان دارەدەستە ناوخۆییەکانیان بن. هەرۆنێک بێت، ڕاوچی دێن و دادەمەزرێن. چەندکەسی خەڵکی گوند تەرخانی خزمەت کردنیان دەبن، ئەوانیش بەرازەکان دەکووژن و چیتر مەترسیی بەراز لە گوندەکەدا نامێنێ، بەڵام مەترسییەکی گەورەتر سەرهەڵدەدات. ڕاوچییەکان ئەوەندە چاوچنۆک و تێرنەخۆرن کە خەڵکی هەژار هەرچی هەیانە دەرخواردیان دەدەن و هەر زیاتریان دەوێت. خەڵکەکە دوای ماوەیەک دەست بەتاڵ و بێ پێخۆر دەمێننەوە بەڵام ڕاوچییەکان ناڕۆن و دەست هەڵناگرن، لە ڕاستیدا دەبنە بوونەوەرێکی لە بەراز خراپتر!

خەڵک لەبەر ناچاری سەرلەنوێ پەنا دەبەنەوە بەر موسیۆ و دەڵێن خۆ چیدی بەراز لەمەزراکاندا نەماوە و ڕاوچییەکانیش ئەرکێکیان نییە بەرێوەی بەرن، کەوابوو، وەرە و لەگەڵ خۆت بیانبەوە با ڕزگاریمان لە دەستیان بێت. موسیۆ دەڵێ بەڵام ئەوان زۆردارن و من توانای ئەوەم نییە دەریانبکەم، تاقە ڕێگە چارەیەک هەبێت ئەوەیە دوو ڕاوچی لەوان بەهێزتر بێنم و لە گوندەکەدا دایانمەزرێنم بەڵکوو ئەوان لەگەڵیاندا بە شەڕ بێن و بتوانن دەریان بکەن! خەڵک بە ناعیلاجی ڕازی دەبن و موسیۆ دوو ڕاوچی زەلامی فیلەتەنی تازە نەفەسیان بۆ دێنێت هەرکام بەقەدرایی لادیوارێک؛ ئەم ڕاوچییانەش لە ماڵێکی ڕووبەڕووی ماڵی ئەوانی دیکەدا نیشتەجێ دەبن. ئێستا خەڵک دەبێ ئەوانیش وەک دوانەکەی پێشوو بەخێوبکەن و کار وپیشەیان دەبێتە ئەوەی بە دەستی بەتاڵ و کاسەی خاڵیی

میوانداریی دوو تاقمی یەک لەیەک برسیتر و چاوچنۆکتر بکەن، کە نە تێر دەخۆن، نە دژایەتی یەکتر دەکەن، نە بەراز دەکووژن و نە لە گوندەکەش دەڕۆنە دەرەوە!

لە کۆتایی شانۆنامەکەدا، خەڵکی گوندی وەرەزیل دەبینرێن، کە هیچ داهات و سامانێکیان بۆ نەماوە و کورد گوتەنی 'لەسەر ساجی عەلی دانیشتوون'، تاقە چەکی دەستیان تێلایەکە، کە هەرکام ناویانەتە سەر نەرەی شانیان و هاتوونەتە ناو گۆڕەپانی ناوەڕاستی گوند بۆ بەربەرەکانی ڕاوچییەکان. هەموو چاوەڕوانن تاقمی دووهەم، بکەونە گیانی تاقمی یەکەم و دەستی دوو ملۆزمەکەیان لە یەخە بکەنەوە. لە ناکاو تاقمی دووهەم لوولەی تفەنگەکانیان لە پەنجەرەی ماڵی خۆیانەوە دێننە دەرەوە، ڕووی لە پەنجەرەی تاقمی یەکەم دەکەن؛ خەڵکەکە شاد و بەکەیف، گوێ هەڵدەخەن بەڵکوو تەقەی تفەنگەکان بژنەون. لەناکاو، تاقمی یەکەمیش تفەنگەکانیان لە پەنجەرەی ماڵی خۆیانەوە دێننە دەرێ و ڕووی دەکەنە تاقمی دووهەم. ئێستا خەڵکەکە هەموو خولەکێک چاوەڕوانن لایەنێکی ئەو چەوسێنەرانە لایەنەکەی دیکە لەناوبەرێت، جا هەرکامیان بێت، گرنگ نییە! بەڵام سەریان سووڕ دەمنێنێت و ترس دایاندەگرێت کاتێ دەبینن وردە وردە لوولەی تفەنگی هەردوولا وەردەسووڕێت و ڕووی لە خۆیان واتە خەڵکی گوندەکە دەکرێت! بەو شیوەیە، شانۆگەرییەکە کۆتایی پێ دێت ولەکاتێکدا کە پەردە دادەدرێتەوە، تەقەی تفەنگی هەردوو تاقم لە خەڵکی بێ تاوانی گوند لە پشت پەردەوە بەرز دەبێتەوە.

***

ئەوە عەینوبیللا حیکایەتی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام (داعش) و حەشدی شەعبییە لە بارودۆخی ئەمڕۆی عیراق وکوردستاندا:

گوندی وەرەزیل، باشووری کوردستانە؛

داعش، بەرازەکەیە، کە لە مەزرای کوردستانی داوە؛

بنکەی ژاندارمەری، حکوومەتی ناوەندیی عیراقە، کە دەستی لەسەر دەست داناوە و هیچ ناکات؛

موسیۆ، حکوومەتە ڕۆژئاواییەکانن کە کورد پەنای بۆ بردوون و داوای یارمەتی لێکردوون؛

ئێران تاقمی یەکەمی ڕاوچییەکانە کە بە درۆ هاتووە و دەڵێ داعش لە ناو دەبەم بەڵام ئامانج و بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیە؛

حەشدی شەعبی تاقمی دووهەمی ڕاوچییەکانە، کە هاتوتە سەر سنوورەکانی کوردستان و بەڕواڵەت هێزێکی ناوخۆییە بۆ ئەوە پێک هاتووە بەرگر بێت لە دەست تێوەردانی لاوەکی لە کاروباری عیراق و بە خەیاڵ یارمەتی خەڵکە ماڵ وێرانەکە دەدات، بەڵام کلکی لەگەڵ تاقمی یەکەم واتە ئێران تێکەڵە و کاتێ کە پەردەی سیاسەت دابدرێتەوە، بۆی هەیە لەگەڵ ئەواندا هاوشان و هاوسەنگەر، هێرش بکاتە سەر کوردستان. ئێتر ئەودەم تەنیا داعش نییە، بەڵکوو حەشدی شەعبی و سوپای پاسدارانی ئێرانن کە پێکەوە هەڵدەکوتنە سەر کوردستان.

سەرنج ڕاکێش ئەوەیە، ئەو بەشەی خەڵکەکەش وا لە چیرۆکەکەی ساعیدیدا داوای یارمەتی لە بێگانە دەکەن، ڕاست لەگەڵ بارودۆخی هەندێک لە لایەنە کوردییەکاندا یەک دەگرنەوە. لێرەشدا ئەو حزب و تاقمانەن کە دەبنە کەوا سووری بەر لەشکر و سوپای بێگانە دەهێننە ناو وڵات! تەنانەت لە دیالۆگی

ناو خەڵکی گوندەکەشدا هەمان ئەو بەربڵاویی بۆچوونە زاڵە، کە ئێستا لە ناو حزبە کوردییەکاندا بۆتە گوتاری سەرەکی و هەرکام سڵاوات لە دیداری بێگانەیەک لێدەدەن.[5]

یادی غوڵام حوسەین ساعیدی بەخێر بێت بۆ ئەو پێش بینییە ڕوونەی وا ٥٠ ساڵ پێش ئێستا بۆ کوردستانی ئەمڕۆی کردووە!

ئەنوەر سوڵتانی

٢٠١٥/٤/٢٦

[5]. برادەرێکی خۆشەویستم کە پێش بڵاوبوونەوە بەم بابەتەدا چۆتەوە، چیرۆکێکی کورتی بۆ ناردووم کە ئەویش پڕ بەپێستی ئەم گوتارە سیاسییەیە کە بریتی بێت لە پرسی سەربەخۆ بوون یان بە بێگانەوە بەستران. ناوی نووسەری چیرۆکەکە "منوچهر احترامی" یە بەڵام نازانم هەر خۆی نووسیویەتی یان لە کتێبی 'کلیل و دمنە' ی وەرگرتووە. ئەوە چیرۆکەکەیە و من لە فارسییەوە وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی.:
**"مار و بۆق و حاجی لەقلەق**: مار هاتبوون بۆقیان دەخوارد. بۆق سکاڵایان بردە لای لەقلەق. لەقلەق هاتن ماریان خوارد و بۆق پێی کەیف خۆش بوون. ئینجا لەقلەق برسی مانەوە و بەربوونە بۆق خواردن! جەماعەتی بۆق تووشی دووبەرەکی هاتن: هەندێکیان لایەنی لەقلەقیان گرت و هەندێکی دیکەیان خوازیاری ئەوە بوون مارەکان بگەڕێننەوە! لە ئەنجامدا مار هاتنەوە و دەستیان کرد بە بۆق خواردن. ئێستا ئیدی بۆق هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕەگەزی بۆق بۆ خوران و قووتدران دێتە سەر ڕووی زەوی! تاقە یەک گرفت مابوو چارەسەری بکەن ئەویش ئەوەبوو نەیاندەزانی ئایا دۆست دەیانخوات یان دوژمن!"